# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

| ژمارە (٦١) | ٢٠٢٤ |

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

• ژمارە (٦١) • ٢٠٢٤ •



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر:

**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:

**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:

- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر کەریم**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاویژکاران:-

- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. سالّح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شێخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەدزادە**



http;//gov.krd/ka

ISSN: 2520-4106

**هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**

# مۆرفۆلۆجیی بنچینەیی/بنجی لە زمانی کوردیدا

**م. ی. بازیان یونس محێدین**

بەشی تەکنیکیی شارستانی/کۆلێژی تەکنیکیی ئەندازیاری/زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر
bazyan.muhiadin@epu.edu.iq

**پ. د. سەباح ڕەشید قادر**

بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی زمان/ زانکۆی سەلاحەدین هەولێر
dr.sabahrashed@yahoo.com

**پ. ی. د. ئازاد ڕەمەزان عەلی**

بەشی تەکنیکیی میدیا/ کۆلێژی تەکنیکیی کارگێڕیی هەولێر/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر
azad.ramazan@epu.edu.iq

**پوختە:**

وشەسازیی بنچینەیی (بنجی) کە ناونیشانی ئەو توێژینەوەی ئێمەیە، بریتییە لە چێوەیەکی کارکردن بۆ لێکدانەوە و بەراوردکردنی مۆرفۆلۆجی لە میانەی زمانە جیاوازەکانەوە، واتە لە پۆلی مۆرفۆلۆجیی جیاوازەوە، ئەو بۆچوونە پشت بەو بیرۆکەیە دەبەستێت کە وا هەندێ بنەمای باوی نموونەیی و ئاسانتر بۆ بەکارهێنانی زمانەکە و فێربوونی هەن. دەستنیشانکردنی ئەو بنەمایانە بە پێی دەستەپێوەرێک دەبێت کە وا مەزەندە دەکرێت کە گرینگیی خۆیان لە چێوەی سیستەمەکانی مۆرفۆلۆجیدا هەبێت، بە وێنەی زەلالبوون/ڕەوانیی زمانەکە (Transparency)، بەبەرهەمی (Productivity) و پەیکەرداری (Iconicity). یەکێک لە کلیلەی مەبەستەکانی ئەو تیۆرە یان بۆچوونە، ئەوەیە کە لێکدانەوە و وەسفێک بۆ ئەوە بکات بۆچی هەندێ لە زمانەکان لە زمانی تر قاڵبە (چێوەداڕشتنە) بنجییەکانیان لە زمانێکی تر زیاترە، ئەوەش دەکرێت بە هەندێ هۆکاری وەکوو: لایەنی مێژوویی زمانەکە، جۆری ئەو زمانانەی لە پەیوەندیدایە لەگەڵیاندا، وەرگرتنی ئەزموونەکانیان، لە هەموویان گرینگتر توانای مەعریفیی قسەکەری زمانەکە خۆی. مۆرفۆلۆجیی بنجی لە بازنەیەکی فراواندا بەکار هاتووە، لە چێوەی دیاردە مۆرفۆلۆجییەکاندا، کە گەردانکردن، داڕشتن، لێکدان و بەنووسەککردن لەخۆ دەگرێت، هەروەها گەشە بە هەندێ پۆلی نوێی سیستمی مۆرفۆلۆجی دەدات.

کلیلەوشەکان: مۆرفۆلۆجیی بنچینەیی، بنەما باوەکان/نموونەییەکان، پۆلی مۆرفۆلۆجیی زمانەکان، پۆلکردنە تازەکان

## پێشەکی

### ١. ناونیشانی توێژینەوەکە

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە "مۆرفۆلۆجیی بنچینەیی/ بنجی لە زمانی کوردیدا"، شیکردنەوەیەکە لەبەر ڕۆشنایی ڕێزمانی وشەشیکردنەوە، بۆ لایەنی ڕێزمانی کوردی دەکرێت، بەو پێیە شیکردنەوەکان دەکەونە چێوەی لێکدانەوەی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسییەوە، بەڵام زیاتر بۆچوونەکان لە بازنەی مۆرفۆلۆجیدا خەست دەکاتەوە، کەرەستەکان لە زاری کوردیی ناوەڕاست دەبێت، سروشتی توێژینەوەکەش توێژەر ناچار دەکات لە چێوە تیۆرییەکەیدا، شیکردنەوە بۆ زمانی تریش لە دەرەوەی زمانی کوردی بکات.

### ٢. ئامانجی توێژینەوەکە

هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی یاساکانی ئەو بۆچوونە مۆرفۆلۆجییە و مەودای جێبەجێکردنی بەسەر زمانی کوردیدا، هەروەها ناساندنی بنەماکانی و پێوەرەکانی کارکردنی بە خوێنەر لای ئەکادیمستی کوردی.

### ٣. کێشەی توێژینەوەکە

چۆنیەتیی داڕشتنەوەی ئەو پێوەرانەی بۆچوونەکە پشتی پێ دەبەستێت بۆ گونجاندنی بە بنەما ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی، بنەماکانیش زیاتر وەکوو بنەمای باو، نموونەیی سەیر دەکرێن و بە هۆکاری ئەوەی هەندێ لە زمانەکان بە شێوە بنجییەکانی ڕیزکردنی کەرەستەکان فراوانترن لەچاو زمانەکانی تردا.

### ٤. ڕێبازی توێژینەوەکە

ئەو توێژینەوەیە ڕێبازی وەسفی بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەکانی دیاردە مۆرفۆلۆجییەکان دەستەبەر دەکات.

### ٥. ناوەڕۆکی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە جگە لەم پێشەکییە و پوختە کە سەرەتایەکن بۆ چوونە نێو باسەکەوە، بە پێی پلانێک دابەشی سەر سێ تەوەر دەکرێت، بەم شێوەیە:

تەوەری یەکەم، تایبەتە بە مۆرفۆلۆجیی بنچینەیی و زاراوە و گرنگترین ئەو لایەن و خاڵانەی دەیانخاتە بەر لێکدانەوە و شیکردنەوە. لە تەوەری دووەمیشدا لە پەیوەندیی نێوان وشەکان توێژراوەتەوە و تیایدا هەوڵ دراوە هەریەک لە فەرهەنگ (لێکسیکۆن)، جیاوازیی فەرهەنگی نووسراو و عەقڵی لەگەڵ لێکسیکۆگرامەر (ڕێزمانی فەرهەنگی) بتوێژرێتەوە. تەوەری سێیەم و کۆتاییش بۆ مۆدەڵی ورووژاندن، لە ڕوانگەی سەرهەڵدان و چۆنیەتیی بەکارەکیکردنی ئەو مۆدەڵە تەرخان کراوە.

لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیان گەیشتووە لە چەند خاڵێکدا، لەگەڵ ڕیزکردنی سوودلێوەرگیراوەکان، خراونەتە ڕوو.

١. ١. مۆرفۆلۆجیی بنچینەیی (بنجی) (Canonical Morphology)

ئەم زاراوەیە بە پێی بۆچوونەکانی "Corbett - ٢٠٠٩"، ئەو لایەنەی مۆرفۆلۆجی سێ خاڵ دەخاتە بەر شیکردنەوە و لێکدانەوە، کە ئەوانیش:

١. پۆلکردنە بنجییەکان (باوەکان) - Canonical typology
٢. گەردانکردنە بنجییەکان - Canonical inflection
٣. مۆرفۆتاکتیکی بنجی - Canonical Morphotactics

**(یەک) پۆلکردنە بنجییەکان:** ئەو ئیستراجیەتەی لەو پۆلکردنەدا بەکار دێت، لە پێناوی ئەوەیە بۆ دەستنیشانکردنی ئەگەری ئەو جیاوازییانەیە لە گۆڕاوە زمانییەکاندا دێتە کایەوە بە پێی دیاردە زمانییەکان و خاڵە کۆتاییەکانی لۆژیک لە دەستنیشانکردنی ئەو ڕەهەندانە و دەستنیشانکردنی ئەو پۆلە بنجییە باوانە لە زمانەکاندا. بە پێی ئەو دیاردانە، بە پێی پلە و ئاڕاستەی ئەو لادانانە (Deviation)ی لەو پۆلە بنجییانەوە پەیدا دەبن.

**(دوو) گەردانکردنە بنجییەکان:** لێرەدا لە ڕێگەی گریمانەکردنی گەردانکردنکی بنجی، لەوەوە دەکرێت وەسفی جۆرە جیاوازەکانی دیاردەی بەخشتەکردن (بەنموونەکردن - Paradigmatic) بکەین، کە ئەویش جۆرەها لادان لەخۆ دەگرێت لەو نموونە بنجییەدا. گەردانکردنی بنجی ئەوەی (بەکار دێت) ئاماژەی پێ دەدات، بریتییە لە بەراوردکردنێک لە میانەی خانەکانی بەخشتەکردنی لێکسیمەکانەوە کە پێکهێنەرەکان/ڕۆنانەکان (Composition/ Structures) دەگرێتەوە و دەکرێت ئەوانە بەو هێڵکارییە سندووقییەی خوارەوە باشتر ڕوون بکرێنەوە:

| | بەراوردکردن لە میانەی خانەکانی بەخشتەکردنی لێکسیمەکان | بەراوردکردن لە میانەی بەنموونەکردنەکانەوە |
|---|---|---|
| ١. پێکهێن/ڕۆنان (morphotactics)<br>٢. مادده فەرهەنگییەکان (≈ شێوەی قەدەکان)<br>٣. مادده گەردانییەکان (≈ شێوەی کەرەستە گەردانییەکان) | | |
| دەرکردە: out come (≈ شێوەی فۆرمی وشە گەردانکراوەکان) | | |

هێڵکاریی پێکهێنی/ڕۆنانی گەردانکردنە بنجییەکان
(Corbett, 2009, 62)

کۆربێت (Corbett) بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو خاڵە پەنا دەباتە بەر ڕیزبەندیی دۆخەکان لە زمانی تورکیدا و زاراوەی "Declension" بەکار دێنێت لە شیکردنەوەکەیدا، کە بەرانبەر بە "خێزانێکی گەردانکردن" دەوەستێت. بەر لە شیکردنەوە، دەبێت ئاماژە بەوە بدەین کە هەڵبژاردنی زمانی تورکی بۆ ئەو شیکردنەوەیە لەبەر ئەوەیە زمانی تورکی لە زمانە نووساوەکانە، کە تیایدا نیشانەی مۆرفۆلۆجیی کۆدۆخی بکەری (Nominative)، دۆخی بەرکاری (Accusative)، دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ (Dative) و دۆخی سەرچاوە (Ablative)، لای زمانەوانە تورکەکان زیاتر ئەو پێنج دۆخە دەستنیشان دەکەن، هەندێ جار دۆخی ئیزافەش (Genitive) زیاد دەکەن (بڕوانە: Despina و هی تر ٢٠٠١, ٣). سەیری ئەو خێزانە گەردانییەی لای خوارەوە بکە، کە بۆ وشەی (Adam)ی تورکی بە واتای "پیاو" شی کراوەتەوە:

| | تاک (Singular) | کۆ (Plural) |
|---|---|---|
| (دۆخی بکەری) Nominative | adam | adam-lar |
| (دۆخی بەرکاری) Accusative | adam-l | adam-lar-l |
| (دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ) Dative | adam-a | adam-lar-a |
| (دۆخی شوێن) Locative | adam-da | adam-lar-da |
| (دۆخی سەرچاوە) Ablative | adam-dan | adam-lar-dan |
| (دۆخی ئیزافە) Genitive | adam-in | adam-lar-in |

(بڕوانە: Stump, 2016, 61)

ئێمە بۆ ڕوونکردنەوەی دۆخ و نیشانە (گیرەکە) گەردانییەکان، باشتر وایە نموونەی ڕستەیان بۆ بهێنینەوە:

**١.** دۆخی کارا (بکەری)، لە باری تاکدا:

پیاوەکە هات adam geldl

ئێمە خۆمان- هیچ نیشانەیەک وەرناگرێ لە شیکردنەوەی دەمکاتەکان بەدوور دەگرین.

لە باری کۆدا:

پیاوەکان هاتن. adam-lar geldi

**٢.** دۆخی بەرکاری، لە باری تاکدا:

پیاوەکەم بینی. adaml--- gŌrdŪm

گیرەکی بەرکاری

لە باری کۆدا:

gŌrdŪm Adam—ler(lar)

**٣.** دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ،

لە باری تاکدا:

بە پیاوەکە adam-a verdim

لە باری کۆدا:

هەردووکیان بەکار دێت

adam – lar – a

adam – ler – e

کۆ بە

**٤.** دۆخی شوێن لە باری تاکدا:

Kitap adamda

لە لای پیاوەکەیە ↑ کیتاب

بـەڵام هەنـدێ جـار ئـەو گـیرەکی گەردانییـە دەپەڕێتـەوە سـەر پێشـبەندەکە، بـۆ نموونـە:

Kitap adam içind ir

ڕۆڵی لە __ دا دەگێڕێ

لە باخەکەدایە.

لە باری کۆدا:

adam – ler – da

لێرەدا دەبێ تێبینیی ئەوە بکەین کە ڕیزبوونی گیرەکەکاندا

لە تاک - adam – da

لە لای پیاوەکە

لـە کاتی بـاری کـۆدا گـیرەکی کـۆ (lar) دێتـە نێـوان قەدەکـە (adam) و "da"ی پێشـبەند:

لە لای پیاوەکان adam – lar - da

**٥.** دۆخـی سـەرچاوە (Ablative): کـە بـە هـۆی پێشـبەندەکانەوە دەنوێنرێن.

لە باری تاکدا:

لە پیاوەکەوە adam – dan

لە پیاوەکەوە هاتووە – adamdan geld

لە باری کۆدا:

لە پیاوەکانەوە هاتووە. adam- lar – dan geldi

لە کۆ قەد

دۆخـی سـەرچاوە ↑ دێتـە نێـوان قـەد و نیشـانەی دۆخەکـەوە

**٦.** دۆخی ئیزافە لە باری تاکدا:

هیی پیاوەکەیە. adamin

کتێبی من benin kitap

↑ (ی) ئیزافە

گوزارشتێکی تری هەیە. BuKitap adam için

هیی پیاوەکە.

لە باری کۆدا: adam – lar - in

هیی کۆ قەد

دەبـێ تێبینیـی ئـەوەش بکەیـن کـە وا ئـەو دۆخـە کـە بـە دۆخـی ئیزافـە (Genitive) نـاو دەبرێـت، بـە دۆخـی خاوەندارێتـی (possessive case)یـش نـاو دەبرێـت.

ئێمـە دەکرێـت لـەو ڕیزکردنـەدا بـە یاسـایەکی گشـتی دەربچـین، کـە بریتییـە لـە:

| Stem | (PLURAL) | (CASE) |
|---|---|---|
| ↑ | ↑ | ↑ |
| فۆرمی وشە | فەرهەنگی عەقڵی نیشانەکراوە وەکو لێکسیم | لە فەرهەنگی عەقڵی نیشانەکراوە وەکو لێکسیم |

هەنـدێ لـە زمانەوانـە تورکـەکان (بـۆ نموونـە لاپـەرە ٣٣) بـەو شـێوەیەی خـوارەوە بـاس لـە دۆخـەکانی زمـانی تـورکی دەکـەن: زۆربـەی دەقـە ڕێزمانییـەکانی زمـانی تورکیـی سـتاندارد بـاس لـە (٥) یـان (٦) دۆخـی نـاوی دەکـەن، ئـەو بـە "پیتـی گیرەکـەکان" ناویـان دەبـات (simple case/yalin hal)، بـەڵام زیاتـر بـە "الحالـە الاعرابیـە" پراوپڕتـرە. ئـەو نووسـەرە تەنیـا پاشـگرەکانی دۆخ دەخاتـە ڕوو، بـەو شـێوەیەی خـوارەوە: حاڵـەتی "i - hali - i"، حاڵـەتی "e – hali - a/e"، حاڵـەتی "de – hali - da/de"، حاڵـەتی "den – hali - dan/den"، هەنـدێ جـار دۆخـی ئیزافـەش (inhali) زیـاد دەکـەن، دەکـرێ ئێمـە یاسـا گشـتییەکە بـەو شـێوەیەی خـوارەوە دابڕێژینـەوە و:

[Stem - (PLURAL) – (CASE)]

پاشان بەکارەکی بکەین:

بۆ دۆخی بکەری لە باری کۆدا

گیرەکی دۆخی نابێ adam - lar/ler

دۆخی بکەری Ø گیرەکی کۆ قەد

l adam - lar/ler

گیرەکی دۆخی بەرکاری گیرەکی کۆ قەد

e/a adam - ler/lar

گیرەکی دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ گ. کۆ قەد

بـۆ دۆخـی شـوێن (Locative) ئـەو یاسـایەی خوارەوەمـان دەبێـت.

da adam - lar/ler

| | |

گیرەکی دۆخی شوێن کۆ قەد

دۆخــی ســەرچاوە (ablative) وەکــوو ڕۆڵــی بابەتانــەش ســەیر دەکــرێ.

adam - lar / ler dan

| | |

گ. دۆخی سەرچاوە گ. کۆ قەد

دۆخی ئیزافە (خاوەندارێتی) possessive/genitive

adam - lar/ler in

| | |

گ. دۆخی ئیزافە/خاوەندارێتی کۆ قەد

(بڕوانە: Kailin, ٢٠٢١ , ٣٣)

**(سێ) مۆرفۆتاکتیک (Morphotactic)**

ســەرەتا بــە پێــی بۆچــوونی زمانەوانــەکان لــە بــارەی پێناســەی مۆرفۆلۆجــی، وای پێناســـە دەکــەن: بریتییـــە لـــە گوزارشـــتێکی پەیـــڕەوداری لـــە بـــارەی ناوەڕۆکـــەوە لـــە ڕێگـــەی فۆڕمـــەوە (شـێوەی دەنگییـەوە)، لـە ڕێگـەی بەواقیعکـردنی لێکسـیمەوە (شـکاندنەوەی ڕێزمـانی)، یـان لـە ڕێگـەی پەیوەندیـی نێـوان لێکسـیمە جیـاوازەکان (وشـە داڕشـتن). لـە زمـانی ئینگلیزیـدا پۆلێـکی لێکســیمی نــاوی هەیــە کــە قەدەکانیــان نیشــانە نەکــراوە (لــە فەرهەنگــدا مارکــە نەکــراوە)، بــۆ نموونــە:

/x/ بۆ تاک و /zx/ بۆ کۆ

واقیعی لێکسیمەکە واقیعی لێکسیمەکە

وەکوو تاک وەکوو کۆ

بــۆ نموونــە نــاوی "DOG"، نووســینی بــە پیتــی گــەورە، نوانــدنی لێکســیمەکە دەگەیەنێــت.

/dog/ بۆ تاک /dogz/ بۆکۆ

لـە زمـانی ئینگلیزیـدا پـۆلی "C" هەیـە بـۆ پـۆلی لێکسـیمە کردارییـەکان (Verbal Lexemes). وەکـوو ئـەوەی /x/ ئەگـەر قەدێـکی ئەنـدام لـە پـۆلی "C" بێـت، بـەو پێیـە دواتـر / قەدێکـە لـە نـاوی کارایـەکی هاوڕێـک (Corresponding agent noun).

کرداری نووسین /t/ verb WRITE: stem

نووسین قەد

لێکسیم

Agent noun : stem //

WRITER

قەد

ناوی کارا

ڕووبەڕووبوونەوەی مۆرفۆلۆجی لەگەڵ مۆرفۆتاکتیک (Morphotactic)

- دەنگسازی

phonology

chieF

سەرۆک، سەرۆکەکان

/chieFs/ *cheives

thieF/ *thieFs /theives

سینتاکس

- Syntax

that

dog / *dogs

those

dogs / *dog

لــە زمــانی کوردیــدا جێنــاوەکانی ئامــاژە دەپەڕنــەوە پشــتی ئامـاژەبۆکـراوەکان، بـەڵام فۆڕمـی کاری "بـوون" وەردەگـرن:

ئەوە سەگە/*سەگن

ئەوانە سەگن/*سەگە

واتاسازی

- Semantics

ئەو لێرە نییە.

She is not here.

ئەو لێرە نییە. She <u>ain`t</u> here.

(بڕوانە: Stump, ٢٠١٦ , ٧ )

(سـەبارەت بـە وشـەی "ain`t"ی زمـانی ئینگلیـزی، زیاتـر لـە زمـانی ئینگلیزیـی ئەمەریکایـی بـەکار دەهێنرێـت، بـەڵام زمـانی گشـتیی نافەرمـی بـە واتـای

ain`t = are not

= not am

= is not

هەنـدێ جـار وەکـو کورتکـراوەی "has not و have not"یـش بـەکار دێ (بڕوانـە: لاپـەڕە ٢٥، ١٩٧٣، Webster`s Collegiate Dictionary). سـەبارەت بـە لایـەنی سـیمانتیکی و پراگماتیـکی

لێکدانـەوەکان:


بۆ نموونە وشەی "some"

| سیمانتیک | some | پراگماتیک |
|---|---|---|
| زیاتر لە یەک | | هەموویان نا |

سنووری دوای یەک کراوەیە و داناخرێت.

سنووری دوای داخراوە، چونکە

دەبێـت وشـەی "هەمـوو" یـەکلا بکرێتـەوە چەنـدە، لـە ڕووی بازنـەی لێکدانـەوەکان سـنووری پراگماتیـک لـە سـنووری سـیمانتیک فراوانـترە، لـەوەی بـواری سـیمانتیک، هەردووکیـان بریتـین لـە لێکدانـەوەی واتـا لـە بـواری زمانەوانیـدا، بـەڵام سـیمانتیک شـیکردنەوەی واتـای وشـەیە لـە زمانـدا، مامەڵـە لـە دەقـدا دەکات و شـیکردنەوە بـۆ واتـا دەکات. لـەوەی چـۆن وشـەکان لـەو دەقـەدا بـەکار دێـت، بـۆ ئـەوەی دەقێـک لـە سـیاقێکی دیاریکـراودا بـۆ گەیانـدنی دەقێـکی پـڕ لـە مانـا، لێـرەدا واتـا لـەو دەقـە و لـەو سـیاقەدا لـە هەمـوو سـیاقەکانی تـر دادەماڵرێـت، بۆیـە سـیمانتیک لـە لێکدانەوەکانیـدا سـیاق بەهەنـد هەڵناگرێـت، واتـە لێکدانـەوەکان لـە سـنوورێکی تەسـکدا دەمێنێتـەوە. ئـەو وێنـە بازنەییـەی خـوارەوە ڕوونـتر سـنووری ئاسـتەکان دەردەخـات:




بۆ نموونە:

- من زۆرم برسییە، دەتوانم ئەسپێک بخۆم.

لێـرەدا مامەڵەکردنەکـە لەگـەڵ یەکـە فەرهەنگییەکانـە، بـە جۆرێـک وشـەی " ئەسـپ" بـە واتـای خـۆی وەردەگیرێـت لـە بـواری لێکدانـەوەی چەمکیـدا، بـەڵام سـەبارەت بـە لایـەنی پراگماتیـکی، ئـەو دەربڕینـە زیاتـر پێداگـری لەسـەر وشـەی ئەسـپ دەکاتـەوە و دەچێتـە بـواری هێـزی ڕەوانبێـژی (Rhetorical Force). وشـەی ئەسـپ لەبـەر گەورەیـی وەرگـیراوە، بەرانبـەر "زۆر برسـیبوون" دەوەسـتێتەوە، لـە داڕشـتەی واتـا ڕەسـەنەکەی خـۆی دەردەچێـت، تەنیـا سـوود لـە قەبـارەی ئەسـپەکە وەرگـیراوە.

**٢. ١. پەیوەندیی نێوان وشەکان (Relation between words)**

ئـەو بۆچوونانـەی "بویـج" سـەبارەت بـە فۆڕمـی بنـەڕەتی یـان نموونـەی بنـەڕەتی، تەنیـا بـۆ ئـەوە نییـە کـە بـە هـۆی جەمسـەرگرتنەوە نموونـە جیاوازەکان لـە کرۆکێـک کـۆ بکاتـەوە کـە دواتـر ئێمـە وەکـوو دیاردەی بەخشـتەکردن لێـی دەدوێـین، بـەڵام بێگومـان ئـەو لێکدانەوەیـە شـیکردنەوەکە دەباتـە دووڕیانێکـی بیرکردنـەوە کـە تیایـدا دەبێـت جیاوازییـەک لـە نێـوان وشـە وەکـوو فۆڕمێکـی بەرجەسـتە (Concrete)، وشـەش وەکـوو فۆڕمێکـی نابەرجەسـتە (Abstract) جیـا بکەینـەوە. وە نەبێـت ئـەو شـتە وەکـوو بیرۆکـە تـازە بێـت، چونکـە پێشـتر ئـەو ڕوانینـە سـەبارەت بـە مـۆرف وەکـوو بیرۆکـەی یەکـەم (کۆنکریـت) و مۆرفیـم وەکـوو بیرۆکـەی دووەم (ئەبسـتراکت) پێناسـەی بـۆ کـراوە. سـەبارەت بـە بیرۆکـەی مـۆرف و مۆرفیـم و جیاوازییـان لەگـەڵ یەکـتر، مۆرفیـم لـە بەرامبـەر لێکسـیمدا دەوەسـتێ و لـە مێشـکدا لێکدانـەوەی بـۆ دەکرێـت و شانبەشـانی "واتـا" دەوەسـتێتەوە، وەکـوو بیرێکـی نابەرجەسـتە، بـەڵام مـۆرف لـە بەرانبـەر وشـەدا دەوەسـتێتەوە و لـە بەرچـاودا لێکدانـەوەی بـۆ دەکرێـت و شانبەشـانی "فـۆڕم" دەوەسـتێ وەکـوو بیرێکـی بەرجەسـتە[1].

**٢. ١. ١. فەرهەنگ (لێکسیکۆن) (Lexicon)**

زاراوەی لێکسـیکۆن زۆر بەرگـوێ دەکەوێـت، بـە تایبـەتی ئـەوەی بیەوێـت لـە بـواری مۆرفۆلۆجیـدا توێژینـەوە بـکات. ئـەم زاراوەیـە سـەبارەت بـە زمـانی کـوردی هەنـدێ تەمومژیـی تـێ دەکەوێـت، بـە تایبـەتی گـەر بمانەوێـت لەگـەڵ وشـەی "فەرهەنـگ"دا بەرانبـەری بکەیـن، یـان بـە واتـای فەرهەنـگ لێکـی بدەینـەوە (قـادر، ٢٠٠٩، ٢٩). بـە واتایەکـی تـر: دەکرێـت بیرۆکـەی بەرجەسـتەیی و نابەرجەسـتەیی وشـە لـە چوارچێـوەی زاراوەیەکـی دی لێـک بدەینـەوە، ئەویـش زاراوەی

''ڕۆنانی ژێرەوە'' و ''ڕۆنانی سەرەوە''یە. ڕۆنانی ژێرەوە لە بواری ڕستەسازیدا هاتە کایەوە و زیاتر لێکدانەوە واتاییەکانی ڕستە دەگرێتەوە. ئەوەی پێویستی بە ئاماژەکردنە، ئەوەیە کە وشە وەکوو لە ڕێزمانی دێریندا باو بوو بەو سادەیی و داماڵراوە لە هەموو سیفەتێک لە مێشکدا هەڵناگیرێت.

لە ڕێزمانی بەرهەمهێنانی چۆمسکییشدا، کە باس لە ڕۆنانی ژێرەوە دەکات (DS) دەڵێت: ڕۆنانی ژێرەوە لە دوو بەش پێک دێت، واتە دوو پێکهێن (component)، یەکێک لەو پێکهێنانە فەرهەنگە کە بە لێکسیکۆن ناو دەبرێت و هەموو وشە و مۆرفیمی زمانەکە لەخۆ دەگرێت,Stageberg) (١٣ ,١٩٧٠. لە پاڵ ئەوەی کە واتایەکی تیا قەتیس کراوە، بەڵام بە هەندێ سیفەتی دیکە تۆمار دەکرێت، یەکێک لەوانە ئاوازەی بنەڕەتیی وشەکەیە کە زۆر جار جۆری ئاوازەکە واتای وشەکە دەستنیشان دەکات. بەڵام دەبێ ئەوەش بگوترێت: هەموو زمانێک وەکوو زمانی ئاوازەیی سەیر ناکرێت، بە واتای ئەوەی مەرج نییە لە هەموو زمانێکدا ئاوازە ڕۆڵی لە دەستنیشانکردنی واتای فەرهەنگیی وشەکەدا هەبێت. زمانی کوردی لەو زمانانەیە کە ئاوازە ڕۆڵی هەیە نەک تەنیا لە لکاندنی بە وشەکەوە، بەڵکوو لە پۆلکردنی وشەکە بۆ بەشەئاخاوتنێکی دیاریکراو.

بۆ ئەم مەبەستە، ئێمە هەوڵمان داوە لەم بابەتەدا فەرهەنگ بە واتای ''Lexicon'' بناسێنین و جیای بکەینەوە لەو فەرهەنگەی کە وەکوو لیستێک بۆ وشەی زمانەکان بەکار دێت، بەڵام فەرهەنگ زۆر لەوە زیاترە کە وا تەنیا لیستێکی نابەرجەستەی وشەکانی زمانێک بێت، بەڵکوو فەرهەنگ لە پاڵ ئەوەدا زانیاری لە بارەی دانەی فەرهەنگی (Lexical item) بەدەستەوە دەدات. مەبەستمان لە زانیاری، پۆلی ڕێزمانیی یەکە فەرهەنگییەکە و واتاکەی و چۆنیەتیی گۆکردن و گەلێک زانیاریی تر بەدەستەوە دەدات (Matthews, ٢٠٠٧, ٢٢٦).

فەرهەنگی نووسراویش هەوڵێکە بۆ لاساییکردنەوەی فەرهەنگی زەینی یان عەقڵیی مرۆڤ، بەڵام میکانیزمی کارکردن و خێراییی وەرگرتنی فەرهەنگی عەقڵی بە هیچ شێوەیەک بە فەرهەنگی نووسراو بەراورد ناکرێت. ئەو دەروازانەی لە ڕووی بەشەئاخاوتن و پەیوەندیی واتایی بۆ وشە لە فەرهەنگی عەقڵیدا دادەڕێژرێن، زۆر جیاوازن لە فەرهەنگی نووسراودا کە تیایدا جۆری پەیوەندییە واتاییەکە (بۆ نموونە: فرەواتایی، هاوبێژی، دژواتا... تاد)؛ جۆری دەروازەکە دادەڕێژێت.

فەرهەنگیش لە خزمەت بەکارهێنەری زمانەکەدایە، بەمەش دەتوانین ئەوەی لە سەرەوە باس کرا لە شێوەی ئەم پرسیارەدا بیخەینە ڕوو. ئایا قسەکەری هەر زمانێک چ جۆرە زانیارییەکی پێویستە لە بارەی وشەکانی زمانەکەیەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو وشانە لە ئاخاوتندا بەکار بهێنێت؟ بەکارهێنەری هەر زمانێک، بە هەر میکانیزمێک کە وشەیەک لە مێشکی خۆیدا گەنجینە دەکات، دەبێت سێ جۆرە زانیاری لەخۆ بگرێت، هەمان ئەو زانیارییانە دەکرێت وەکوو مەرج بۆ هەڵگرتنی وشەکە سەیر بکرێت، بە واتای ئەوەی هەر بەشێک لەو مەرج و زانیارییانە ون بێت، گێڕانەوەی وشەکە لە کاتی پێویستیدا یان ڕوو نادات، یان بە ئەستەمێکی زۆر و بە ڕێکاری زیاتر و میکانیزمی زیاتر دێتەوە یاد و بیرهێنانەوە.

گرنگترین زانیارییەکانیش هەریەک لەمانە دەگرێتەوە:

١. قسەپێکەری زمانەکە دەبێت لە بەشەئاخاوتنی وشە بزانێت، بۆ ئەوەی بزانێت لە کاتی بەکارهێنانی لە ڕستەدا پاش قۆناغی هەڵبژاردن (Selection) لە ڕستەدا چ ئەرکێکی پێ دەسپێرێت، خۆ ناشێت ئەرکی ئاوەڵناوی کە وەسفکردنە؛ بە کرداری بسپێرێت.
٢. دەبێت بزانێت چۆن دەدرکێنرێ (Pronunciation)، چونکە درکاندنیش لە ژێر یاسا فۆنۆلۆجییەکاندا ئەرک دەگێڕێت.
٣. وشەکە چ واتایەک دەگەیەنێت، گۆڕینی واتا؛ گۆڕینی مەبەستی قسەکەری بەدواوەیە.

لە بنچینەدا چەمکی فەرهەنگ ئاماژەکردنە بە گەنجینەکردنی هەموو ئەو زانیارییانەی پەیوەندییان بە دروستکردنی وشە و هەموو دەربڕاوە زمانییەکانەوە هەیە، بەمەش فەرهەنگ هەڵگرتن و گلدانەوەی ئەو یەکە زمانییە نابەرجەستانەیە کە دانەی فەرهەنگی (Lexical item)ی پێ دەڵێن بۆ ئەوەی لە چەمکی ئەو جۆرە

فەرهەنگـەی جیـا بکاتـەوە کـە بەرانبـەر بـە "Dictionary"ی زمـانی ئینگلیـزی دەوەسـتێتەوە. ئەمـەی دوایـی ئامـاژە بـە سـەرچاوەیەکی پراکتیکـی زانیارییـە فەرهەنگییـەکان دەدات کـە لـە بـەر دەسـتی بەکارهێنـەری زمانەکەدایـە بـە شـێوازی جیـاواز (کاغـەز، کۆمپیوتـەر، مۆبایـل، ئایپـاد و... تـاد)، یاخـود بـە هـەر ڕێگەیەکـی تـر گوزارشـتی لـێ دەکرێـت. بـەڵام ئـەم جـۆرە فەرهەنگـە هەمیشـە هـاودەم و هاوڕێگـەی ئـەو بەکارهێنـەرە نییـە، بـە هـۆی ئـەوەی ڕۆژانـە لـە فراوانبـوون و هاتنەکایـەی یەکـەی تازەدایـە.

**٢ . ١ . ٢ . ١. جیاوازیـی نێـوان فەرهەنگـی نـووسراو، فەرهەنگـی عەقڵی**[٢]

هەنـدێ جـار فەرهەنگـی عەقڵـی وەکـوو فەرهەنگـی لێکسـیمەکان دەکرێـت نـاو ببرێـت، بـەڵام لـە نێـوان هـەردوو جـۆری فەرهەنگـی عەقڵـی (Mental Lexicon) و فەرهەنگـی نـووسراودا، بۆشـایی و دوورکەوتنەوەیەکـی تێگەیشـتن بـەدی دەکرێـت، کـە لـەم چەنـد خاڵـەدا جیاوازییـان خراوەتـە ڕوو:

١. فەرهەنگـی عەقڵـی بـە شـێوەی ئەلفبـای (Alphabetically) وشـەکان لـە مێشـکدا (لـەو بەشـەی تایبەتـە بـە یەکـەی فەرهەنگـی) ڕیـز نـاکات، بـە وێنـەی فەرهەنگـی نـووسراو کـە ئـەو ڕێبـازە پێـڕەو دەکات، لـە بەرانبـەردا فەرهەنگـی عەقڵـی بـە شـێوازی ئاڵـۆز ئـەو ڕێکخسـتنە ئەنجـام دەدات، ئەمـەش بـە بەسـتنەوەی لایـەنی فۆنۆلۆجـی بـە لایـەنی سـیمانتیکییەوە دەسـتەبەر دەکرێت، واتـە لـە گەنجینەکـردنی هـەر یەکـە و زاراوەیـەک لـە ئەنجامـی گرێـدانی لایـەنی دەنگـی و واتایـی ئـەو یەکـە یـان زاراوەیـە دێتـە کایـە.

٢. گەنجینەکـردنی وشـەکان یـان هەڵگرتنیـان بـەو شـێوە ئاڵـۆزە، هەنـدێ جـار دەبێتـە مایـەی ڕوودانی دیـاردەی خلیسـکانی زمـانی (Slips of Tongue)، کـە وشـەیەک لـە بریـی وشـەیەکی تـر بـەکار دێـت. بـۆ نموونـە: وشـەی "هـات" لـە بریـی "کات" بـەکار بەریـت، یـان لـە زمـانی ئینگلیزیـدا وشـەی "anecdote" (حەکایـەت) لـە بریـی "antidote") تریـاک) بـەکار بێـت .

٣. زۆر جـار فەرهەنگـی نـووسراو هەنـدێ وشـە و زاراوە لەخـۆ دەگرێـت کـە کاتی بەسـەردا تێپەڕیـوە و بـەکار نابرێـت، کەچـی فەرهەنگـی عەقڵـی هـەردەم لـە تازەکردنـەوەی خۆیدایـە بـە پێـی کاتـەکان. لەوانەیـە ڕۆژانـە وشـە و زاراوەی نـوێ هەڵبگرێـت و ئەمبـار بـکات، کەچـی ئـەم دیاردەیـە لـە فەرهەنگـی نـووسراودا دەکەوێتـە بـەر بەختـی لەچاپدانـەوەی فەرهەنگـەکان، ئـەو کاتـەش دابـەشی سـەر تازەکردنـەوەی قۆناغـەکان دەبێـت و بـەو خێراییـەی فەرهەنگـە عەقڵییـەکان نابێـت کـە دەکرێـت ڕۆژانـە ئـەو کارە ئەنجـام بـدات.

٤. بـە پێـی ئـەو توێژینەوانـەی دەربـارەی فەرهەنگـی عەقڵـی خراونەتـە ڕوو سـەبارەت بـە کاردانـەوەی ئـەو وشـانەی لەپـڕ دەخرێنـە ڕوو، کـە تیایـدا دەسـتەبەندییەک هەڵدەگرێـت، بـۆ نموونـە وشـەی "نـان" کاردانـەوەی چالاکـترە لـە وشـەی "پەنیـر" و بەکارهێنـانی "نـان" زیاتـرە، دەکرێـت بـە چالاککـردنی وشـەی "نـان" هەمـوو ئـەو وشـانەی ئـەو بازنەیـە (بازنـەی خـواردن) لەخۆیـان دەگرێـت؛ بێنـەوە یـاد بـە وشـەی "پەنیر"یشـەوە[٣].

چەمکی سـێیەمی فەرهەنـگ کـە پەیوەندیـی بـە بابەتەکـەی ئێمـەوە هەیـە، ئـەو فەرهەنگـە زەینییـە (عقـلی - Mental lexicon)یـە کـە بریتییـە لـە نواندنێکـی زەینیـی زانیارییـە فەرهەنگییـەکان کـە لـە مێشـکی تاکەکـەس (بەکارهێنـەری زمانەکـە)دا هەڵگیـراوە، ئـەم جـۆرە لێکسـیکۆنە (فەرهەنگـە تاکەکەسـییە) بچووکـترە لـەو چەمکـەی کـە ئێمـە وەکـوو چەمکێکـی گشـتی و بیرۆکـەی زمانـەوانی تاوتوێـی دەکەیـن (Booij, 2006, 18). مـەرج نییـە هەمـوو کـەس وشـەکانی زمانەکـەی خـۆی بزانێـت، ئـەو فەرهەنگـە فراوانـەی کـە ئێمـە وەکـوو هەمـوو قسـەکەرێکی زمـانی کـوردی بـە مێشـکی هەموومـان تـەواوی دەکەیـن؛ دەچێتـە ڕەهەنـدی سـتوونی و مێژوویـی زمانەکـەوە (قـادر، ٢٠٠٩، ٣٠).

**٢ . ١ . ٣. لێکسیکۆگرامەر - ڕێزمانی فەرهەنگی**

مەبەسـت لـە ڕێزمـانی فەرهەنگـی، ئـەو زاراوەیـە کـە لـە زمـانی ئینگلیزیـدا بەرانبـەر زاراوەی "Lexico grammar" دەوەسـتێتەوە. هـەر چەنـدە بنچینـەی وشـەی لێکسـیکۆ لـە وشـەی "Lexi"ی گریکییـەوە هاتـووە، کـە بـە واتـای ئـەو یەکـە

فەرهەنگییانە دێت کە لە مێشکی مرۆڤدا لە فەرهەنگی عەقڵیدا هەڵدەگیرێن. هەر کاتێک قسەکەر یان بیسەر بیەوێت ئەو یەکانە لە کاتی پێویستدا بگێڕێتەوە، بە چەند قۆناغێکی کردەییدا تێدەپەڕێت، کە بریتین لە سەرەتا بە هەڵبژاردنی وشەکان دەست پێ دەکات بۆ دروستکردنی هەر ڕستەیەک یا فرێزێک یان کلۆزێک یان وشەیەکی ناسادە، کە دواتر لە ڕێگای درکاندن (Spell out) دابەشی دووڕیانێک یان خاڵێکی دابڕین دەبێت، کە بە فۆڕمی فۆنەتیکی (PF) و فۆڕمی لۆژیکی (LF) کۆتاییان دێت. بەڵام بەر لەم دووڕیانە، کردەکان بە کردەی ژمێریاریکردن تێدەپەڕن کە ئەویش بریتییە لە کردە و میکانیزمێک بۆ دروستکردنی وشە، یان لە وشە گەورەتر (Radforfd, 2006, 6).

ئەوەی لە سەرەوە باسمان کرد؛ وابەستەی مۆدەلێکی زمانەوانی دەبێت کە هەر لە چوارچێوەی ڕێزمانی وشەدا دەمێنینەوە و بە ناوی مۆدەلی ''ورووژاندن''(Cohort) دەبێت، چونکە کاتێک کە گوێگر یان بیسەری هەر وشەیەک یان هەر ڕستەیەک دەبێت، لە لای خۆی میکانیزمی ''Decoding'' واتە هەڵوەشاندنەوەی ئەو زانیارییانەی کە لە ڕستەکەدا لە لای قسەکەر بەدەستی دێنێت.

**٣ . ١: مۆدەلی ورووژاندن (Cohort Module)**

ئەو بیرۆکەیە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٠ لە لایەن ''William Marselon''ەوە خرایە ڕوو، هەوڵێک بوو بۆ وەسفکردنی لایەنی فیزیکیی وشەی بیستراو لە لایەن بیسەری وشەیەکی زمانەکە لە بیستنی یان خوێندنەوەی وشەیەک چ نەخشەیەک لە فەرهەنگی عەقڵی قسەکەرەکە دروست دەکات، ئەو دیاردەیە سەرەتا لە چوارچێوەی سایکۆزمانەوانی (Psycholinguistics) و زمانەوانیی دەمارناسی (Neurolinguistics) سەری هەڵدا (بڕوانە: Willuam D. Marslen and Alan Welsh, 1987: 10)

ئەو مۆدەلە (ورووژاندن - Cohort) پشت بە ژمارەیەک چەمکی تیۆری دەبەستێت، لەوانە: تیۆری گێڕانەوەی فەرهەنگی (Lexical Retrieval)، فەرهەنگی کۆگای وشەکان لە ئاوەزدا (mind)، یەکە فەرهەنگییەکانی کەسەکە لەخۆ دەگرێت، وەکوو فەرهەنگێکی عەقڵی (mental) وایە.

بەدەروازەکردنی فەرهەنگ لە مێشکی کەسەکە، بریتی دەبێت لە هەموو ئەو زانیارییانەی لە بارەی وشەیەکەوە دەدرێت. کۆگاکردن یان گەنجینەکردنی وشەکان ڕێگەیەکە بۆ لوتکەی گێڕانەوە، یان گەڕاندنەوەی وشەکە لە کاتی پێویستدا. گەیشتن بە فەرهەنگ یان بەدەستهێنانی یەکەی فەرهەنگی (Lexical Access)، ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بەو زانیارییانەی لە فەرهەنگی عەقڵیدا کۆگا کراون. ژمارەی وشەکان پێک دێت لە هەموو ئەو یەکە فەرهەنگییانەی هاوبەشن لە ڕیزبوونێکی دەنگیدا، ئەوانەش ئەو دەستەوشانەن کە بە ڕێگەی دەنگە سەرەتاییەکانیانەوە چالاک دەکرێن.

نموونەی ''cohort'' پشت بەو چەمکە دەبەستێت کە وا وەرگرتە (input) بیستراو و بینراوەکان کە دەگەنە ڕێڕەوەکانی مێشک، خانەکانی مێشک دەورووژێنن لە ڕێگەی دەنگە سەرەتاییەکانیانەوە نەک کۆتاییەکانیانەوە. ئەو ڕاستییە لە سەرەتای هەشتاکانەوە لە سەدەی ڕابردوودا کاری لەسەر کرا، بە ڕێگەی تاریککردنی گوتنەکان یان بەسایەکردنیان (speech shadowing) لە ڕێگەی تاقیکردنەوە، کە تیایدا کەسەکان گوێیان لە تۆمارەکان گرت و داوایان لێ کرا وشەکان دووبارە بکەنەوە بە خێراترین شێوە، بینرا وشەکە بەر لە تەواوبوون لە مێشکدا چالاک کرا و ورووژێنرا. ئەوە وای کرد ''Marslen'' و ''Wilson'' ساڵی ١٩٨٧ ئەو مۆدەلە پێشنیاز بکەن.

ئەو مۆدەلە لە سێ قۆناغ پێک دێت، تێبینیی ئەوەیان کرد کە وشە لە فەرهەنگی عەقڵیی مرۆڤدا دەورووژێت بەر لەوەی وشەکە بە تەواوی بدرکێنرێت، بەمەش قۆناغەکانی بریتی دەبن لە:

١. قۆناغی گەیشتن (Access)
٢. قۆناغی هەڵبژاردن (Selection)
٣. قۆناغی تەواوبوون (Integration)

بە پێی ئەو مۆدەلە، گەڕاندنەوەی فەرهەنگی بیستراوەکان لەگەڵ یەکەم برگە یان دووەم برگەی قسەکردن، یان ئەو دەنگانەی دەگەنە گوێچکەی گوێگرەکە، لێرەدا فەرهەنگی عەقڵیی گوێگرەکە هەموو ئەو وشانەی بەو دەنگە دەست پێ دەکەن؛ چالاک دەکات و دەیانورووژێنێت.

ئەوە هەمووی لە قۆناغی یەکەم (قۆناغی گەیشتن)دا ڕوو دەدات، ئەو وشانەی ئەگەر چالاکبوون و ورووژاندنیان هەیە بە (دەستەبەند - ورووژاوەکان)، هەردەم وشە چالاککراوە ورووژاوەکان کە بە هۆی نیشانە دەنگییەکانەوە چالاک دەکرێن؛ پێیان دەگوترێت: پێشبڕکێکەرەکان (Competitors)، بەڵام هیچیان وشە مەبەستدارەکە نین کە گوێگر مەبەستیەتی. لەگەڵ زیادبوونی کەرتە دەنگییەکاندا و گەیشتنی بە گوێچکەی گوێگرەوە و ورووژاندنی زیاتر بۆ خانە دەمارییەکان، زۆربەی وشە کێبڕکێکارەکان وەدەردێن کە هاوڕێک نابن لەگەڵ وەرگرەکان، یان کەمکردنەوەی چالاکییەکان. ئەو کردەیەی کە دەبێتە مایەی چالاککردنی وشەکان و وەدەرنانی پێشبڕکێکارەکان، پێی دەگوترێت: چالاککردن و هەڵبژاردن (Activation and Selection)، یان دانپێدانان و پێشبڕکێکەر (Recognition and Competitors). ئەو کردانە بەردەوام دەبن تاکوو ئەو چرکەیەی کە پێی دەڵێن خاڵی ناسینەوە، کە تیایدا تەنیا یەک وشە چالاک دەکرێت و وشەکانی تر وەدەردەنرێن. کردەی ناسینەوە لە ماوەی (٢٠٠-٢٥٠) ملیچرکە لە سەرەتای وشە دیاریکراوەکەدا ڕوو دەدات، ئەو خاڵە خاڵی تاکڕەویشی (uniqueness) پێ دەگوترێت، ئەو خاڵەی کە هەموو چارەسەرەکان یەکلا دەکاتەوە، لە پاڵ ئەوەدا هەندێ ناکۆکی و ڕای جیاواز هەیە لەسەر ڕێگەچارەسەرەکان بەر لە گەیشتن بە خاڵی ناسینەوەی وشە مەبەستدارەکە. دەکرێت ئەو کردەیە کە بەر لە گەیشتن بە خاڵی ناسینەوە؛ بە خاڵی لە خوارەوە بۆ سەرەوە (bottom) سەیر بکرێت. ئەو بریتییە لە بەکارهێنانی "دەنگەکان - فۆنیمەکان" بۆ گەیشتن بە فەرهەنگ (فەرهەنگی عەقڵی قسەکەر). خاڵی دوای خاڵی ناسینەوە، لە سەرەوە بۆ خوارەوە سەیر دەکرێت، چونکە ئەو زانیارییانەی پەیوەستن بە وشە هەڵبژێردراوەکە، لە بەرانبەر وشە پێشکەشکراوەکاندا تاقی دەکرێنەوە.

هەر چی قۆناغی دووەم یان قۆناغی هەڵبژاردنیشە، ئەوا ئەو کاتە ڕوو دەدات کە تەنیا ڕێگە بە یەک وشە دەدرێت بۆ مانەوە لەو وشە دەستەبەندانە.

لە قۆناغی سێیەم یان تەواوبوونیشدا (integration)، تایبەتمەندییە واتاییەکان و سینتاکسییەکان بەیەکەوە دەبەسترێنەوە، بۆیە دەکرێت بە قۆناغی گرێدان یان بەستنەوەش ناو ببرێت.

بۆ نموونە: لە زیادکردنی دەنگەکان لە وشەی مۆم (candle) دا، بۆ ناسینەوەی ئەو وشەیە لە ڕێگەی بیستنەوە، کاتێ گوێگر دوو دەنگەکەی یەکەمی وشەکە دەبیستێت.

"a ،k" لە وێنەی مێشکدا. وشەی "candle" لە پاڵ وشەکانی "candy" بە واتای "شیرینی" و وشەی "canopy" بە واتای سێبەر یان سەیوان یاخود چەتر، وشەی "cow" بە واتای مانگا... تاد، گەلێ وشەی دی دێنە ورووژاندن، بە زیادکردنی دەنگی "n" وشەی مانگا دەکشێتەوە، بە زیادکردنی دەنگی "d" وشەی چەتر یان سێبەر دەردەکرێت. ئەو کردەیە بەردەوام دەبێت تاکوو دەگاتە خاڵی کۆتایی، مەرجیش نییە خاڵی کۆتایی دوا دەنگ بێت، واتە خاڵی ناسینەوە مەرج نییە دەنگی کۆتا بێت، بۆ نموونە: لە وشەی "slander" (تۆمەت بۆ هەڵبەستن، بوختانکردن)دا خاڵی ناسینەوە لە دەنگی "d" دەبێت، چونکە وشەی ئینگلیزیی تر نییە بە "sland" دەست پێ بکات. ئەو وشانەی ململانێ لەگەڵ وشەی "spaghetti" جۆرێکە لە خواردن دروست دەکەن لە دوای "spag" هەموو وشەکانی تر دوور دەخرێنەوە لە سەرەتای دەستپێکردنەکەوە (بڕوانە: Marslen and Wilson, 1987, 74)

"جیرۆم پاکارد" پێشنیازی ئەوەی کرد کە وا خاڵی ناسینەوەی وشەی چینیی "huoche" شەمەندەفەر (train) بەر لە وشەی"huoch" دەناسرێتەوە، هەروەها خاڵی ناسینەوەی وشەی ئەڵمانی "Kapitein" (captain) لەو بزوێنە دەبێت کە بەر لە "n " دەردەکەوێت.

پرۆژەی بنەڕەتیی ئەو مۆدەلە لای "پاکارد" ئەوە بوو کە دەکرێت "سیاق - Context" هاوکار بێت بۆ دوورخستنەوەی کێبڕکێی کارەکان، چالاککردنەکەش ڕێگە بەوە دەدات، ئەگەر هاونەگونجانێکی کەمیش بەدی کرا لە ئەنجامی کاریگەریی دەنگەکە بە دەنگەکانی پێش خۆی و دوای خۆیەوە (بڕوانە: Zwitserlood, ١٩٨٥, ٩٨).

**ئەنجامەکان**

**ئەم توێژینەوەیە ئەو ئەنجامانەی خوارەوەی لێ دەکەوێتەوە:**


**١.** ئەو بنەمایانەی کە ئەو جۆرە مۆرفۆلۆجییە بەڕێوە دەبەن، بریتین لە:

١. پۆلکردنە بنجییەکان (باوەکان)

٢. گەردانکردنە بنجییەکان

٣. مۆرفۆتاکتیکی بنجی

**٢.** سەبارەت بە کردەی لێکدانی وشە لە چوارچێوەی مۆرفۆلۆجیدا، زۆربەی زمانەوانەکان بە تایبەتی ئەوانەی لە بواری "ڕێزمانی وشە"دا کار دەکەن، پێیان وایە ئەو کردەی لێکدانە بە هەمان قۆناغەکانی کردەی سینتاکسیدا تێدەپەڕێت کە لە بواری سینتاکسدا پێڕەو دەکرێت، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندیی بە کردەی ژمێرکاری (Computation) و لێکدانەوە (Merging) هەیە، کە لە فەرهەنگەوە دەست پێ دەکات. بەو وێنەیە ڕوونتر دەبێتەوە:




**٣.** لە وەرگرتنی وەرگرتە بیستراو و بینراوەکاندا، چەمکی "cohort" ڕۆڵێکی بەرچاوی دەبێت لە کاتی گێڕانەوەی وشەکان لە فەرهەنگی عەقڵییەوە، لەوەی کە وا: نموونەی "cohort" پشت بەو چەمکە دەبەستێت کە وا وەرگرتە (input) بیستراو و بینراوەکان کە دەگەنە ڕێڕەوەکانی مێشک، خانەکانی مێشک دەورووژێنن لە ڕێگەی دەنگە سەرەتاییەکانیانەوە نەک کۆتاییەکانیانەوە. ئەو ڕاستییە لە سەرەتای هەشتاکانەوە لە سەدەی ڕابردوودا کاری لەسەر کرا، بە ڕێگەی "تاریککردنی گوتنەکان یان بەسایەکردنیان" (speech shadowing) لە ڕێگەی تاقیکردنەوە، کە تیایدا کەسەکان گوێیان لە تۆمارەکان گرت و داوایان لێ کرا وشەکان دووبارە بکەنەوە.

پەراوێزەکان:

[١] بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە مۆرف و مۆرفیم، بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- فەتاح، محەمەد مەعرووف و قادر، سەباح ڕەشید: ٢٠٠٦: ١٥-١٨.

- محێدین، بازیان یونس: ٢٠١٣: ٣١ و٣٢ لە پەراوێزدا.

[٢] بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی ئەم بابەتەوە، بڕوانە:

- قادر، سەباح ڕەشید: ٢٠١٦: ٢٤٧-٢٧١.

[٣] خاڵی چوارەم وا دەکات وشەکانی ناو فەرهەنگی عەقڵی بەسەر دوو دەستەدا دابەش بن، وشەی چالاک و وشەی سست، کە ئەمەیان لەوانەیە بە درێژایی ژیانی خاوەن فەرهەنگەکە بەکار نەبرێت.

**سەرچاوەکان**

**بە زمانی کوردی:**

١. فەتاح، محەمەد مەعروف و قادر، سەباح ڕەشید (٢٠٠٦ )، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، دەزگای بڵاوکردنەوەی بەشی ڕووناکبیری، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

٢. قادر، سەباح ڕەشید (٢٠٠٩)، تیۆری مۆرفیم و هەندێ دیاردەی مۆرفۆلۆجیی کوردی، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر، ژمارە (٤٢).

٣. قادر، سەباح ڕەشید (٢٠١٦)، هەندێ لە تیۆرەکانی فەرهەنگی ئاوەزی، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (٤)، زانکۆی گەرمیان - کەلار.

٤. محێدین، بازیان یونس (٢٠١٣)، پەیوەندیی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

**ـ بە زمانی ئینگلیزی:**

1. Booij, G. (2006). The Grammar of Words, An Introduction to Linguistic, Oxford University Press.
2. Corbett, G. (2009). Number in the Series Cambridge, textbook in Linguistics, Cambridge University Press .
3. Kalin, L. (2021). Morphology before Phonology,

Priceton University Press.

4. Matthews, P. H. (2007). The Concise Dictionary of Linguistics, Oxford University Press.
5. Radford, A. (2006). Minimalist Syntax, Cambridge University Press.
6. Stageberg (1970). Word Formation, Oxford University, Oxford Press.
7. Stump, G. (2016). Inflection Paradigms: Content and Form at the Syntax Morphology , Oxford University Press .
8. Webster`s Collegiate Dictionary (1973) G & C. Merriam. Company: Springfield. U.S.A. .
9. William D.Marslen – Wilson and Alan welsh (1987). Function Paralism in Spoken Word – regonition. Cambridge University Press.
10. Zwitserlood, P. (1985). Activation of Word Candidates during Spoken Word – recognition, Beston Mass.

## مسلخص

علـم الـصرف الاسـاس والـذي هـو عنـوان بحثنـا عبـارة عـن اطـار عمـل لدراسـة ومقارنـة علـم الـصرف عبراللغـات المختلفـه بأنماطهـا، يسـتند الى فكـرة ان هنـاك بعـض اسـس مثاليـة الاكـثر شـيوعاً او الاسـهل للاسـتعمال والتعلـم عـن غـيره تحديـد هـذه الاساسـيات يكـون مـن خـلال مجموعـة مـن المعايـير التـى يعتقـد انهـا ذات اهميـة في اطـار الانظمـه الصرفيـة، كامثـال : الشـفافية، والانتاجيـة والهيكليـه. احـد الاهـداف الاساسـية لتشـكل الاسـاس هـو تفسـير سـبب احتـواء بعـض اللغـات عـلى المزيـد مـن اللأنمـاط الراسـخة اكـثر في غيرهـا مـن هـذا يمكـن ان يتـم مـن خـلال النظـر في عوامـل مثـال تاريـخ اللغـة، الاتصـالات والارتباطـات اللغويـة بلغـات ذات خـبرة والقـدرات المعرفيـة للمتحدثـين بهـا يتـم اسـتخدام الشـكل الاسـاس لدراسـه مجموعـة واسـعة مـن الظواهـر الصرفيـة، بمـا في ذلـك الانعطـاف، الاشـتقاق، التركيـب واللواصقـه، كـما تـم اسـتخدام هـذه النظريـة لتطويـر انمـاط جديـده مـن نظـم علـم الـصرف.


الكلمات المفتاحية: علم الصرف الاساس، الاسس المثالية / النموذجية، التصنيف التصريفي، التصانيف الحديثة.


## Abstract

Canonical Morphology is the title of this research, which is a Frame work for studying and Comparing morphological Patterns a cross languages. It is based on the idea that there are certain ((Canonical)) or idea Patterns that are more common or easier to learn and process then others. These canonical patterns are identified by considering asset of criteria that are thought to be important for Morphological Systems, Such as transparency, Productivity, and iconicity.

One of the key goals of canonical morphology is to explain why some languages have more canonical Patterns then others. This can be done by looking at Factors such as history of the language, the type of language contact it has experienced and the cognitive abilities of its speaker.

Canonical Morphology has been used to study a wide range of Morphological Phenomena, including, inflection, derivation Compounding and Cliticization , It has also been to develop new typologies of morphological system .


**Keywords:** Canonical Morphology, Optimality Rules/ Ideal Patterns, Morphological Classification, New Classification.